


## ئەگەرەکانی تر..



مەریوان وریا قانع دەینوسێت

# سیستمی پەروەردەو تاوانەکانی

هەفتەی رابردوو رۆژنامەی **هاوڵاتی** هەواڵی خۆکوشتن (خۆسوتاندنی کچێکی منداڵی ١٤ ساڵانی بڵاوکردەوە . بەپێی هەواڵەکە لەوە دەچێت هۆکاری ئەم کارەساتە بۆ دروست بوونی کێشەیەك بگەرێتەوە لە نێوان ئەو منداڵەو یەکێك لە مامۆستاکانیدا لە قوتابخانە. هەمان رۆژنامە لە رێکەوتی ٢٠٠٤/٤/١٤ هەواڵێکی بڵاوکردەوە کەباس لە خۆسوتاندنی دووکچی منالکاری پۆلی دووهەمی ناوەندی دەکات لەیەکێك لە قوتابخانەکانی شاری هەولێردا.

بەپێی ئەو هەواڵە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بەشێوەیەکی نهێنی چاودێری ئەو دوومناڵەی کردووەو دوای "پشکنینیان !!!" نامەی خۆشەویستی "پێگرتوون !!!" ئەگەرچی دووقوتابییەکە زۆر پاراونەتەوەو بە بەڕێوەبەرەکەیان گووتوە گەر ماڵەوەیان بەم مەسەلەیە بزانن دەیانکوژن، کەچی بەڕێوەبەر بەردەوام بووە لە فشارهێنان بۆ ئەو منالانەو داوای هاتنی کەسوکاریانی کردووە. لەئەنجامدا هەردوو منداڵەکە لە ترساندا ئاگریان لە خۆیان بەرداوە، یەکێکیان گیانی لەدەستداوەو ئەویدیکەشیان بەخراپی سوتاوە.

ئەم هەواڵانە چیمان لە ئەو سیستەمە پەروەردەییە پێدەڵێن کە لەکوردستاندا باڵا دەستە؟ چی لەسەر عەقڵیەتی ئەو کارگێرو مامۆستاو بەڕێوەبەرانە دەڵێت کە ئەو سیستمە بەڕێوەدەبەن؟ ئەی چیمان لەسەر ئەو پەیوەندییانە پێدەڵێت کە سیاسەتمەدارانو دەسەڵاتدارانی کوردستان بە سیستمی پەروەردەوە دەبەستنەوە؟

گەر بۆ ساتێك راستگۆبین واز لەو درۆ گەورانە بهێنین کە کۆمەڵگای ئێمە لەگەڵ خۆیدا دەیانکات دەبێت دان بەو راستییەدا بنێین کە ئەم هەواڵانە حیکایەتی سیستمێکی پەروەردەو فێربوون لە کوردستاندا دەگێڕنەوە کە بێئەندازە نەخۆشە، سیستەمێکە ناعەقڵانییەتو توندوتیژیو ترس و ستەمکارییەکی هەمەلایەن دەیبات بەڕێوە، پێوەرە هەرە تەقلیدیو ناشیرینەکانی ئەخلاقو رێزو فێربوون جڵەویگرتووە کەسایەتییەکی بێکاراکتەرو ترساو دەسەڵاتگەریش بەرهەم دەهێنێت کە نەهێزی رەخنەگرتنی تێدایە نەتوانای قبووڵکردنی رەخنەو نەویستو خەونی گۆرانکاریش .

لەراستیدا ئەم سیستمە لە زۆر ئاستدا ئیفلاسێکی هەمەلایەنی کردووە، ئەگەر ئەرکی سەرەکی سیستمی پەروەردەو فێربوون بریتیبێت لە یارمەتیدانی ئینسان بۆ ئەوەی بتوانێت لەخۆیو لە کۆمەڵگاو لە جیهان تێبگات ئەوا ئەم سیستمە لە کوردستاندا نە ئامرازی خۆناسینو نە ئامرازی کۆمەڵ" ناسینو نەئامرازی جیهان ناسینی پێنییە.

واتە لە ئاستی میتۆدو مەعریفەو شێوازی فێربوونەوە وێرانە. ئەگەر یەکێك لە ئەرکە ئەخلاقییەکانی سیستمی پەروەردە ئەوە بێت ئەو هەستە لە ئینساندا بچێنێو گەورەکات کە بوونەوەرێکی خاوەن ئیرادەو دەگمەنو رێزدارە، ئەوا ئەم سیستمە لەکوردستاندا لەسەر پەکخستنی ئیرادەو بچووكو بێزارکردنی ئینسان دەژی. ئەگەر ئەرکی پەروەردە ئەوە بێت منالان فێربکات کە هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە ژیانی تایبەتی بێپشکنینو بێدەستێوەردان و بێ پەلاماردانی هەبێت، ئەوا سیستمی پەروەردە لەکوردستاندا رێك پێچەوانەی ئەم کارە جێبەجێ دەکاتو ئەو رۆڵە دەبینێت کە دەزگاکانی پشکنین و چاودێریکردن دەیبینن. لە هەمووشی ترسناکتر و نائینسانیتر ترساندنی منالانە بە ئەندازەیەك پەنا ببەنە بەر خۆکوژی. ئاخر سیستمێکی پەروەردەیی لەماوەی شەش مانگدا سێ کچی منالی ناچار کردبێت بە خۆسوتانو خۆکوشتن جگە لە ئیفلاسێکی ئەخلاقیو پەروەردەییو ویژدانی گەورە چی دیکەمان پێدەڵێت؟ مەرگی ئەو منالانە پێمان دەڵێت کۆمەڵگای ئێمە گیرۆدەی سیستمێکی پەروەردەییە بە ئینسان نرخو بەهاو رێز نابەخشێت، ئاسۆکانی بیرکردنەوە و تێڕوانینو بەرخورد والا ناکات ، ئیرادەی ئازادییو خەونی سەربەخۆبوون دەکوژێت. ئەم تاوانانە پێماندەڵێت ئێمە سیستمێکی پەروەردەییمان هەیە ترس چاندنو تۆقاندن یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی، لەباتی فێربوونو ناسینی جیهان و گەورەکردنی خۆشەویستی ئینسان بۆ ئینسانو خۆشەویستی ئینسان بۆ ژیان، لە خەمی هەڵچنینی دیوارێکی گەورەدایە لە نێوان ئینسانەکان لەگەڵ یەکدا و لەنێوان ئەوانو جیهاندا.

سیستمی پەروەردەو فێربوون لە کوردستاندا سەرقاڵی بەرهەمهێنانەوەی بەهاو نۆرمو ئەخلاقیاتی باوو چەپێنەری دژ بە ئازادیو دژ بە ژیانە. لەم رووەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان بەها هەرە تەقلیدییەکانی خێزانو بەهای قوتابخانەکاندا نییە، پۆلەکانی خوێندن هەمان ئەو شێوازانەی ترسو دەسەڵاتو یاساغکردن بەرهەمدەهێنن کە لەژوورە داخراوەکانی خێزاندا بەرهەم دێت. مامۆستا رۆڵی هەمان ئەو باوکە تەقلیدییە، زۆر جار نەخوێندەوارە، دەبینێت کە لەناو خێزاندا ئامادەیە، ئەو کەشو فەزا ئەخلاقیو رەمزیو فیکرییەی باڵادەستە هەمان ئەو کەشو هەواو فەزایەیە کە لە داخراوترین خێزاندا سەروەرە. ئەم وێکچوونە ترسناکەی نێوان سیستمی پەروەردەو بەهای ناوەکی خێزانەکان هەموو دەرگایەك بەرووی گۆرانو پێشکەوتندا دادەخات. گەر پۆلەکانی قوتابخانە هەڵگری هەمان تاریکی ئەخلاقیو رەمزیو ویژدانی ناو ژوری ماڵە داخراوەکان بێت، کۆمەڵگای ئێمە هێزێکی بۆ بەرهەمنایەت بتوانێت بەرەو ژیانێکی نوێو جیهانێکی نوێ بیپەرێنێتەوە. ئاخر سیستەمێکی پەروەردەیی بیەوێت وێنەیەکی نوێ بەکۆمەڵگا بداو رێز بۆ ئینسان دابنێتو لە خەمی تازەبوونەوەی ئەخلاقیو فیکریو ویژدانیدا بێت ، ناچێت جانتای منالان بگەرێت بۆ نامەی خۆشەویستی ، تیمی نهێنی دروست ناکات تا بزانێت داخۆ کچانو کورانی ئەم وڵاتە لەگەڵ یەکدا قسە دەکەن یان نا، قوتابیانی منال بەئەندازەیەك ناترسێنێت خۆیان بکوژن، ئەم ئەخلاقە پەروەردەییە ئەخلاقی بنیادنانی قوتابخانەیە لەسەر مۆدێلی دائیرەی ئەمن، دائیرەی ئەمنیش شوێنی خۆناسینو کۆمەڵگا ناسین و جیهان ناسین نییە.

سیستمی پەروەردە لە کوردستاندا تێکەڵێکی ناشیرینە لە سیستمی پەروەردەی فاشییانەی بەعسو لە دەرەنجامی ململانێی ناشیرینی هێزە سیاسییەکانی کوردستانو پەلهاویشتنو بەهێزبوونی هەرچی زیاتری هێزە ئیسلامییەکانە. لەدوای راپەرینەوە ئەم سیستمە شوێنی ململانێی بەدکارانەی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانو شوێنی چاندنی بەها ئیسلامییە هەرە تەقلیدییەکان بووە. ئەوە گرنگ نەبووە گرنگیش نییە داخۆ ئەم سیستمە دەتوانێت کەسانێك بەرهەم بهێنێت کە توانای بیرکردنەوەی سەربەخۆو داهێنەرو رەخنەییان هەبێت، گرنگ نیە قوتابخانەکان ئینسانی هاوچەرخ و کراوەو بێدۆگما دروست بکەن. وانەی ئەوە بەقوتابیان بڵێنەوە کە ژیانیان خۆش بوێتو رێژەیبن لە بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتدا، لەوە تێبگەن کە کەس هەموو هەقیقەتەکانی پێنییە، کە هەموان لەبەردەم یاسادا هەمان مافو هەمان ئەرکو هەمان نرخمان هەیە، گرنگ ئەوەبووە قوتابیانو مامۆستایانو بەڕێوەبەرانو فەراشەکان سەر بەکام حیزبی سیاسینو ناویان لە لیستی ئۆرگانە "مەدەنییەکانی" کام حیزبدا تۆمار کراوە .

دوای ئەو هەموو منداڵ کوشتنە، رەوایە بپرسین ئایا کام بەشی کۆمەڵگای ئێمە ئیرادەی خۆی لە ئیرادەی جێبەجێکردنی ئەو ترسو سزا و هەڵسوکەوتانەدا دەبینێتەوە کە لە قوتابخانەکاندا ئەنجام ئەدرێن؟ کام بەشی کۆمەڵگای ئێمە خوازیاری ئەوەیە کە مامۆستاکان جانتای قوتابیان بپشکننو تیمی نهێنی دروست بێت بۆ چاودێریکردنی هەڵسوکەوتی منالان؟ کێ دەیەوێت منالان وا بترسێنرێن کە نەوێرنو نەتوانن لەگەڵ یەکدیدا بدوێن؟ بێگومان کۆنەپارێزترینو دواکەوتووترینو دینیترینو داخراوترینو نادیموکراتیترین بەشی کۆمەڵگای ئێمەیە ئەم شتانەی دەوێت و ئیرادەی خۆی لە ئیرادەی پیادەکردنی ئەو جۆرە کارانەدا دەبینێتەوە، ئەمەش رێك پێچەوانەی ئیرادەی هەموو هێزە نوێخوازەکانی مێژووی ئێمەیە لە حاجی قادری کۆییەوە تا ئەو منالانەی ئەمرۆکە بەخەونی کەوتنە ناو جیهانێکی نوێوە لەدایکدەبن. ئەوەی مایەی نائومێدییە بێدەنگبوونی رێکخراوە جۆربەجۆرەکانی قوتابیانو ئافرەتانو منالانو پارێزەرانو هتد ... لەبەرامبەر ئەم کارەساتانەدا. کێ بەئەرکی خۆی زانیوە سەردانی ئەو قوتابخانانە بکاتو لەو مامۆستاو بەڕێوەبەرانە بپرسێتەوە کە بوونەتە هۆکاری خۆکوشتنی ئەو قوتابیانە؟ ئایا هیچ یەکێك لەم تاوانانە براونەتە بەردەمی دادگا ؟ ئایا ئەو بەڕێوەبەرو مامۆستایانە تووشی لێپرسینەوە هاتوون. قروقەپکردنی کۆمەڵگای ئێمە لەسەر ئەم تاوانانە هەموومان دەکاتە تاوانبار .

# لەسەر سکاڵای کچێك باوكو براکەی دەستگیر دەکرێن

**سۆران، پ. هاوڵاتی:** پاش ئەوەی کچێك سکاڵای لەسەر باوكو براکەی تۆمار کرد، هەردووکیان دەستگیر کران. لە سکاڵای ئەم کچەدا هاتووە کە باوكو براکەی بەبێ ویستی خۆی کاری سێکسییان لەگەڵ ئەنجام داوە. سەرچاوەیەك لە پۆلیسی سۆران بە هاوڵاتی راگەیاند کە لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە بەردەوامەو تا ئێستا برای کچەکە دانی بەتاوانەکەیدا ناوە، بەڵام باوکی کچەکە ئەم قسەیە رەت دەکاتەوە. هەمان سەرچاوە کە نەیویست ناوی بهێنرێت بە **هاوڵاتی** راگەیاند کە لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوە بەردەوامەو پێویستە کچەش رەوانەی پزیشکی یاسایی بکرێت کە تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە ئەم کارە نەکراوە.

# کوردە شیعەکانی گەرمیان دەنگ نادەن بەلیستی کوردی

**گەرمیان، پ. هاوڵاتی:** کوردە بە مەزهەب شیعەکانی ناوچە تازە ئازادکراوەکانی کوردستان، لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، دەنگ نادەن بە لیستی کوردی.

ئەم کوردانە کە بەشێکی زۆریان دەکەونە ناو شاری خانەقینەوە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردندا بە ئەرکێکی ئایینی دەزانن‌و بەپێی لێدوانی مەرجەعی باڵای شیعە (سیستانی) دەنگ دەدەن.

لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ هاوڵاتی، مەلای یەکێك لە مزگەوتە شیعەکانی خانەقین کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت رایگەیاند: "ئێمە بەپێی رێنماییەکانی مەرجەعیەتی باڵای شیعە (ئایەتوڵڵا سیستانی) هەڵسوکەوت دەکەین‌و هەر بڕیارێك لای ئەوانەوە دەربچێت ئێمە جێبەجێیان دەکەین. بڕیاری ئێستاشمان دەنگ دانە بەو لیستە شیعییەی کە بەڕێزیان فتوایان لەسەر داوە". کوردە بە مەزهەب شیعەکان زیاتر لە ٣٥٪ خانەقین‌و دەوروبەری پێك دێنن.

# گرانی سوتەمەنیو خۆراك ناوچەی سۆرانیشی گرتەوە

**سۆران، پ. هاوڵاتی:** بەرز بوونەوەی نرخی سوتەمەنی خۆراك لە کوردستان رۆژ بە رۆژ لەبەرزبونەوەدایەو تاوەکو ئێستاش نەتوانراوە کۆنترۆڵ بکرێت. ئەم قەیرانە ناوچەی سۆرانیشی گرتۆتەوە.

نرخی فەردەیەك شەکر ١٦٥٠٠ دینار بووەبە٢٢٥٠٠ دینار، یەك تەنەکەی رۆنی تورکی ٧٥٠٠ دینار بووەبە ١٣٠٠٠ دینار، یەك فەردە برنجی خەت سوور لە١٤٠٠٠ دینارەوە بووە بە ١٨٠٠٠ دینار ،بەرمیلێك نەوتی ٢٠٠ لیتری لە ١٩٠٠٠ دینارەوە بووەبە ٦٠٠٠٠ دینار، یەك بوتڵ غاز لە ١٢٥٠ دینارەوە بووە بە ٣٠٠٠ دینار.

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە حکومەتی هەرێم لەقەزای سۆران کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات بە**هاوڵاتی** راگەیاند" ئیجرائات نەکراوە لەبەرانبەر بەرز بوونەوەی نرخی شتومەك هیچ بەرنامەیەکیشمان نیە لە ئێستاداو هیچ چاودێرییەك لەسەر بازاڕ نییە بۆیە بەو جۆرە شتومەك نرخەکانی بەرزبۆتەوە".

# شەبقە هەڵبڕن دۆلار دەبارێ

سمکۆ محەمەد

جەنابی سەرۆك ئاوڕێك لەخەڵك بدەنەوە خەڵکی هەژارن؟ **ئێمە بڵێین چی خۆهەژاری عەیب نیە.**

ئاخر خەڵك کارەبایان نیە و بەتاریکی شەودەبەنە سەر کەچی ماڵەلێپرسراوەکان کارەبای بەردەوامیان هەیە؟ **خەڵك باموەلیدە بکرن ئەگەر نا باچرا داگیرسێنن لێپرسراوەکان پێویستیان بەکارەبای بەردەوام هەیە چونکە حکومەت و حیزب دەبەنە رێوە.**

ئەی بۆئەزمەی خانووبەرە چ دەڵێن کەتادێ سەختتر دەبێت؟ **باتەحەمول بکەن پڕۆژەمان بەدەستەوەیە بۆ چەند ساڵێکی تر ئینشاالله تەواو دەبێت و کەس بێ خانوو نابێت.**

ئەی بۆ رۆتینیاتی دائیرەکان دەڵێی چی کە خەریکە دەگاتە ئاستی بێحورمەتی کردن بەرانبەر هاوڵاتی خۆ ئەگەر کەسێك واسیتەی نەبێ کاری بۆناچێتە رێوە؟ **ئەوە سیستمی کارکردنی ئێمەیەو لەهەموو دونیاش واستە هەر هەیە.**

ئاگادارن گەندەڵی زۆربەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی گرتۆتەوە؟ **ئەو دیاردەیە بەئێمە چارەسەر ناکرێ ئەگەر مانگی جارێکیش لیژنەی موشتەریات بگۆڕین.**

ئێوە دەڵێن یاسا لەسەرووی هەموومانە، کەچی حیزب تەدەخولی کاروباری قەزایش دەکات؟ **راست نیە ئەگەر حیزب تەدەخولیشی کردبێ بۆ بەرژەوەندی کولتوری عەشایەری کوردی بووە.**

ئەی ئەو دەزگا و زیندانە نهێنیە ئەمنیانەتان بۆچیە خۆئێوە ئاسایشتان هەیە؟ **ئەوەیان بۆ ئەمنی حیزبی ببورن بۆ پاراستنی ئەمنی قەومیمانە.**

ئەی بۆ شەقامەکان چی دەڵێن کە پڕن لە تاسەو چاڵ؟ **چیبکەین شارەوانی هەر پێی دەکرێ پینەی بکات و سەیارەکان تێکی بدەنەوە.**

باشە خۆ وڵاتی ئێمە دەوڵەمەندە لەسووتەمەنی کەچی ئەوەندە گرانە خەڵکی پێیان ناکرێ زستانی ساردیش رەحم بەکەس ناکات؟ **چیبکەین ئەزمەی سوتەمەنی بەئێمە چارەسەر ناکرێ سەرمای زستانیش**

ئەی بەرز کردنەوەی دیواری بارەگاو دائیرەکانتان بۆچیە؟ **ئەوەیان بۆ ئەمنیەتی خۆمانە.**

ئەی دابەش کردنی زەوی کە زیاتر لێپرسراوەکان لێی بەهرەمەندن؟ **ئەوەنیە ئەرزەمان داوە بەهەموو توێژەکان لەدووری شار.**

دەکرێ بزانین بۆچی وەڵامی رۆژنامە کوردیەکان نادەنەوە بۆ رۆژنامە نوسەکانی جیهانیش موجامەلە دەکەن؟ **ئێوە تەنها رەخنە دەگرن بەڵام رۆژنامە جهانیەکان شتی باشمان بۆ دەنوسن.**

دەباشە خۆ بۆ ئەمەشیان وەڵامت نییە کەکێشەی کەرکوك و ژیانی ئاوارەکان لەوپەڕی خراپیدایە؟ **کەرکوك لەدەستی ئێمەدا نییە، ئەوەنییە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار حیزبایەتی دەکەین لەکەرکوك، ئاوارەکانیشمان لەمەلعەبەکەی کەرکوکدا نیشتەجێ کردووە.**

**خەڵك بەس لەفکری وەزعی خۆیانن، ئێمە بەخەمی میللەتەوەین چەند ساڵ شەڕی ناوخۆمان کرد لەپێناو بەرژەوەندی و بردنە پێشەوەی کێشەی رەوای گەلەکەمان، لەجیاتی حکومەتێك دوو حکومەتمان بۆ دامەزراندوون کەچی هەر پێی نازانن، ئەوەنازانن کەئێمە بەخەمی رۆشنبیرانی نەتەوەکەمانەوەین، ئەوەنابینن رۆشنبیرانی عەرەبمان داوەت کرد و بەفەردە دۆلارمان پێدان و کەچی بەحکومەتی هەرێم دەڵێن حکومەتی دۆلار، نەتان بینی ساڵی ٢٠٠٠ هونەرمەندانی شێوەکاری بەغدا و شارەکانی ترمان داوەت کرد و پارەمان پێدان ئیێ چی بکەین گەندەڵی ناوەندی رۆشنبیریشی گرتۆتەوە، نەتان بینی کۆمەڵێك لەبراعەرەبەکانمان بەباشترین شێوە داوەت کرد بۆحیواری کوردی عەرەبی کەچی هەر دان بەبوونی کورددا نانێن، ئێستاش رێز لەرۆشنبیرانی کورد دەنێین لەدەرەوەی کوردستان و لەناوەوەی کوردستان، ئەوەتا هۆتێلەکانمان ئاوەدان کردۆتەوە لەرۆشنبیرانی کورد لەهەندەران و شارەکانی کوردستان ودەوڵەمەندیان دەکەین. ئەوەنیە بەر لەپرۆسەکە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنتان بۆ دەخەینە بەردەست چی بکەین ئێمە حکومەتی**

